# سەددام، پەندێك بۆ مێژوو

سیروان کاروانی



زۆربەی مرۆڤە دیکتاتۆرە مرۆڤکوژەکان تا بە کورسیی دەستەلاّت یاخود ئەو بەرزاییە دەگەن کە بۆی هەلّدەگژێن، لە سەرەتاوە ئەو ڕێچکانە تاقی دەکەنەوە کە دەبنە هۆی ڕاکێشتنی سەرنجی خەلّک. دیکتاتۆرەکان بەر لە چەسپاندنی دەستەلاّتی تەواوی خۆیان، چەند هەنگاوێک بەرەو ناخی خەلّک دەنێن و پاشان ڕوو لە توندوتیژی دەکەن. بەم شێوەیە، کۆمەلّێک دەنگیش لە ڕێگای زەبروزەنگەوە پەیدا دەکەن و دواییش هەر لەو ڕێگایەوە واتە زۆرداری هەولّ دەدەن کورسیی دەستەلاّت بهێلّنەوە. شتێک کە زۆر ئاشکرایە، ئەوەیە کە دیکتاتۆرەکان بە مردنی ئاساییی خۆیان نامرن. ئەوان دەبنە پەندی زەمانە و لە ئەنجامدا، یان بەر هێرشی تۆلّە دەکەون و سواری پەیکەرەکانیان دەبن، یان لە بەرانبەر جیهانێکدا دادگایی دەکرێن و یاخود تەنانەت نابنە خاوەنی گۆڕێکیش.

دیارە لە هیچ کاتێکدا مرۆڤەکان وەکویەک بیر ناکەنەوە، چونکە ئەگەر وابێ، ئەوا دیکتاتۆر سەرهەلّنادات یاخود تەمەنی زۆر کورتخایەن دەبێت. ئەم ڕەوشەی مرۆڤیش وەکوو هەموو گیاندارانی تر کارێکی سروشتییە. گوتەیەکی نەستەق هەیە دەلّێ "هەلّەکردن عەیب نییە، دووبارەکردنەوەی عەیبە"، ئەوەی گرنگە مرۆڤ پەندێک لە ڕابووردوو وەربگرێت و پەرەی پێ بە ژیان بدات، ئەوەی گرنگە مرۆڤ بەرەو ئاسوودەیی خەلّکانی تریش هەنگاو بنێت بەمە خۆی ئاسوودە دەکات.

لە کاتی ئێستادا ئەگەر مرۆڤایەتی بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا چۆن ئاسوودە دێتە کۆڕی ژیانەوە، بیەوێ ئەوهاش ژیان بەجێبێلّێ، ئەوا، سەددام و تەواوی داروودەستە و ڕژێمە فەرمانڕەواییە چەندین سالّییەکەی دەبن بە باشترین پەند کە کەلّکیان لێ وەربگیرێ. سەددام لە هەموو ماوەی دەستەلاّتەکەیدا هێندە ناهەموار ڕەفتاری کرد و دژی سروشت جوولاّیەوە، کە تەنانەت ژیانی بە پەلەوەرەکانیش ڕەوا نەدەبینی. ئێستا ئەگەر بۆی بلوێ و لە زمانیان بزانێ، ئەوا لەبەر پەلەوەر و داروودرەختیش کڕنۆش دەبا دالّدەی بدەن.

چەندین سالّ بوو لە عێراقی سەرووەختی سەدامدا، هەموو سالّێک ٢٨ی نیسان کە سەددام تیایدا لەدایک بووبوو، چونکە دیکتاتۆر بالاّدەست بوو، دەکرا بە جەژنی نەتەوەیی و هێندەی بژێویی ژیانی خەلّکی چەندین دێی بێ خوێندنگە و نەخۆشخانە داوەت ساز دەکرا. ئەمسالّ ٢٠٠٣ تەنها سالّێکە لەوەتای ئەو ڕژێمە جلەوی فەرمانڕەوایی بە دەستەوە گرتووە، ئەو یادە بەخورتییە نەکرێتەوە. سالّی ٢٠٠٣ی هەمان ڕۆژ بە لەناوچوونی ئەو ڕژێمە، سەد هێندەی تر لە خەلّکی هەموو لا بە ئارەزووی خۆیان جەژنی لەگۆڕنانی دیکتاتۆریەتیان کردەوە و هەناسەی شادییان هەلّمژی.

لە عێراقدا، بە لەناوچوونی ڕژێمەکەی سەددام مرۆڤایەتی چووە قۆناغێکی ترەوە. سەددام جارێک با هەر لە ئەهوارەکاندا بمێنێتەوە. ڕەوشی بەرەو پێشەوەچوونی مرۆڤایەتی ڕاناوەستێ و لە گەڕاندایە.

دیکتاتۆر لە خوێنڕشتن و هەر تاوانێکی تردا سنووربەزێنە. کە سنووری بەزاند، ئیتر نە تێدەگات و نە کەس دەناسێ، نە کەس بە تەواوی دەبینێ و نە ورتەی کەس بە تەواوی دەبیسێ.

سەددام نە سروشتی پێ لەناو برا و نە توانیی نەتەوەیەک بێ زمان و کولتوور بهێلّێتەوە، نە تەنانەت توانیی ڕەگوریشەی عەشیرەتەعەرەبێک تەواو ببڕێتەوە. سەددام هێندە نەفام بوو و ئەوەندەش لە ژیان حالّی نەبووبوو، کە نەتەوەیەکی چەند هەزار سالّە بە ئەنفال و ژاربارن لەناو ناچێ، بە ڕاگوێزان و ڕەگەزگۆڕین لەناو ناچێ، کەچی هەر مێژووی خۆی ڕەش کرد.

دە با ڕژێمە دیکتاتۆر و خوێنمژەکانی تریش کە هێشتا لەسەر ئەو بڕوایە ماون بە زەبروزەنگ ئازادی لە خەلّک زەوت بکەن و تا سەر درێژە بە زۆرداری بدەن، هەرچی زووە دەستبەرداری مافی ڕەوای خەلّکانی چەوساوە و زۆرلێکراو بن و، مەرگی خوێنمژەکانی تر ببێتە عیبرەت بۆیان.